ماکرۆن داوایەک ئاڕاستەی ئەحمەد شەرع دەکات



ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا ئەمڕۆ هەینی داوای لە ئەحمەد شەرع هاوتا سورییەکەی کرد، پەیوەندی بە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش بکات.
ماکرۆن دوای کۆبوونەوەکەیان لەگەڵ پەرلەمانتارێکی کۆنفرانسی کەشوهەوا لە شاری بێلێم لە بازیل بۆ ڕۆژنامەنوسان وتی، "سوریا بانگهێشتەکرێت بۆئەوەی ببێتە هاوبەشێکی تەواو و کاریگەر لە شەڕی ئێمە دژی گروپە تیرۆریستییەکان لە ناوچەکەدا".

ئاماژەی بەوەشکرد کە هاوکاری ئەمنی نێوان پاریس و دیمەشق بۆ پاراستنی فەرەنسییەکان زۆر گرنگە و وتی، "ئێمە تەنها چەند ڕۆژێك ماوە بۆ یادکردنەوەی ڕووداوەکانی 13ی ئەیلوول و کەس بیری ناچێتەوە کە ئەو هێرشە تیرۆریستیانەی کە لە ساڵی 2015 پاریسیان کردە ئامانج لەگەڵ سوریا پلانیان بۆ دانرابو، هەر بۆیەش ئێم بابەتە نیگەرانییەکی ئەمنییە بۆ فەرەنسییەکان".
لەڵدوانەکەیدا سەرۆکی فەرەنسا باسی لەوەشکرد، پێشبینی دەکات "سوریا یاریزانکی تەواو بێت لەگەڵ شەڕی ئێمە دژی گروپە تیرۆریستییەکان و لە ناوچەکە"، بۆیاری ئەنجومەنی ئاسایشی

نەوەوەتی بۆ هەڵگرتنی سزاکانی سەر ئەحمەد شەرع بە "گرنگ" وەسفکرد.